# ئەی خالد لە پاش من ڕووداو وفیتنە وناکۆکی زۆر دەبێت، ئەگەر توانیت بەندەی خودای کوژراو بیت نەک بکوژ؛ ئەوا بەو شێوەیە بە

لە خالدی کوڕی عورفوتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- پێمی فەرمووو: «ئەی خالد لە پاش من ڕووداو وفیتنە وناکۆکی زۆر دەبێت، ئەگەر توانیت بەندەی خودای کوژراو بیت نەک بکوژ؛ ئەوا بەو شێوەیە بە».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە خالیدی کوڕی عورفوتەی فەرموو کە ناکۆکی وفیتنە وجەنگ دەبێت لە داهاتوودا، وەکو ئەوەی ئومەت پێشەوایەکی نەبێت فەرمانڕەوایەتی بکات، یان لە هەموو ناوچەیەک فەرمانڕەوایەک هەبێت ولە نێوانیان ناکۆکی وفیتنە وجەنگ ڕووبدات، وئامۆژگاری کرد بەوەی لەو فیتنە وتاقیکردنەوانە دوور بکەوێتەوە، ودەستیان لێهەڵبگرێت وبەشداریان تێدا نەکات، ئەگەر بە ستەملێکراوی بکوژرێت باشترە بۆی لەوەی مسوڵمانێک بکوژێت، ئەمیش بەوە دەبێت لە کاتی فیتنەدا مسوڵمان لەماڵەکەی خۆیدا بمێنێتەوە، یان لەو شار وناوچەیەی فیتنەی تێدایە؛ بڕوات بۆ شوێنێکی تر، بەڵام بەڵگەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێگەپێدراوە بەرگری لە خۆی وخێزانی وسامانی بکات لە کاتی فیتنەدا، ولێرەدا عوزر وبیانووی هەیە ئەگەر بکوژێت یان بکوژرێت ئەگەر تووشی فیتنە وخراپەیەکی لەمە گەورەتر نەبێت، بەڵام ئەگەر مسوڵمانان یەکدەنگ بوون وکۆک بوون لەسەر دەسەڵاتداری یەک فەرمانڕەوا؛ ئەگەر دادپەروەر یان ستەمکەر بێت، پاشان کەسانێک دژی دەچوون کە هێزیان هەیە، ودەیانەوێت یەکڕیزی مسوڵمانان پەرتەوازە بکەن وسەرپێچی فەرمانەکانی دەسەڵاتدار بن، پێویستە لەم کاتەدا فەرمانڕەوا پەیوەندیان پێوە بکات وقەناعەتیان پێ بکات بۆئەوەی فیتنە ڕوو نەدات، بەڵام ئەگەر گوێڕایەڵ نەبوون وهەر دەرچوون، ومسوڵمانان تووشی ترس بوون، لێرەدا پێویستە فەرمانڕەوا جەنگیان دژ بەرپا بکات، بۆئەوەی مسوڵمانان تووشی شەڕ وزیان نەکەن، وهەروەها پێویستە لەسەر مسوڵمانان بە شێوەیەکی گشتی پشتگیری بڕیاری فەرمانڕەوای مسوڵمان بکەن، وجەنگ بکەن دژی ئەو دەرچووانە بۆئەوەی واز لەم فیتنەیە بهێنن وبگەڕێنەوە گوێڕایەڵ وملکەچ بن بۆ حوکمی خوای گەورە، ئەمە ئەگەر دەرچووەکان لە چەتە ودەستدرێژیکەرەکان بن یان لە خەواریجەکان بن ئەوانەی دژی فەرمانڕەوای مسوڵمان دەردەچن ودەیانەوێت لەسەر حوکم لای بدەن.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58266

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee